سەید حەکیم دووپات دەکاتەوە: میانڕەویی و ناوەندگیری گەرەنتییە بۆ سەقامگیری عێراق

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم، سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی ڕۆژی شەممە 18ی تشرینی یەکەم پێشوازی لە کۆمەڵێك شێخ و پیاوە دیارەکان و ڕەسەنکانی پارێزگای کەربەلای پیرۆز کرد.

سەماحەتی پیرۆزبایی لە ئامادەبووان کرد بەهۆی ئینتیمایان بە شاری سەیدی شەهیدان و ڕوونیکردەوە کە ئەوە بەرپرسیارێتی زیاتر دەخاتە سەریان لەبەر ئەوەی ئەوان نزیکن لە خاوەن پرۆژەی چاکسازی گەورە کە ئیمام حوسێنە (سلاوی لێ بێت).

سەماحەتی داوای کرد کاری جیدی بکرێت بە خزمەتکردنی خەڵکی و هەشداری دا لەوانەی پارەی زۆر لە هەڵبژاردنەکان سەرف دەکەن کە لەگەڵ ماف و ئیمتیازاتی خێیان ناگونجێت وەك ئەندامێکی ئەنجومەن و یاساکانی ڕوونی کردەوە کە ئەوە دەریدەخات کە ئامانجی دیکە شاراوەی لەژێردا هەیە، دواتریش پارەکانی کە خرجیشی کردوە بە زیادەوە وەریدەگرێتەوە.

سەید حەکیم ڕوونیکردەوە کە بەشایی نەوان جەماوەر و ئەنجوومەنی نوێنەران دەگەڕێتەوە بە هەڵسوکەوتی هەندێک لە نوێنەران لەماوەی ئابردوودا وەك ئامادەنەبوون لە دانیشتنەکانی پەرلەمان یان دواخستنی هەندێك بابەت و تەئکیدیشیکردەوە لەسەر گرنگی چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە لەپەرلەمانی داهاتوودا.

سەماحەتی تەئکیدیشیکردەوە لەسەر ئەوەی کە جەگرەکە ببێتە سەرچاوەی چالاکی لەکارکردن و بەدواداچوون و بەدیهێنانی داخوازییەکانی جەماوەر و ئاماژەی بەوەدا کە جەگرەکە خاوەنی پلەی وەزیرە کە بواری فراوانی بە کار و کاریگەری پێدە بەخشێت.

سەماحەتی سەید حەکیم ئاماژەی بەوەدا کە عێراق بەدەست تایفەگەری و تیرەر و ململانێی سیاسی و گرژی کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنێت و سەرکەوتووانە بەسەر ئەم ئاستەنگانەدا زاڵ بووە، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە بارودۆخی ئابووری و خزمەتگوزاری و بارودۆخی وەڵات باشتر بووە و شاندەکان سەردانی عێراق دەکەن و ئاماژەی بەوەدا و داوای پاراستنی ئەم دەستکەوتەیان کرد و گوتی وەڵات گەیشتووەتە خاڵێکی گرنگ بە (دەستی پێوە بگرن و بەفیڕۆی مەدەن).

سەماحەتی گوتیشی کە بنەمای میانڕەویی و ناوەندگیری ئەو بنەمایەیە کە عیراقی پاراستوە و لەقەناغی داهاتووش دەیپارێزێت.

بەڕێزیان دووپاتی کردەوە کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەشداری دەکات لە سەقامگیری عێراق و هەڵبژاردنی ناوەندگیریش باشترین بژاردەیە بە گەرەنتی مافەکان ئەوەش بەهۆی بەشداریکردنی باش و کاریگەر دەکریت لە هەڵبژاردنەکان بە تایبەتی بە ئەوانیە پەشتر بایکەتی هەڵبژاردنیان کردبوو.